دامەزراوەی ڤـیژن
بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجـــی

# چۆن دابەشبوونی سیاسی و پەککەوتنی پەرلەمان پێگەی هەرێمی کوردستان لاواز دەکات؟

## بینەر فایەق کەریم


شەقامی سعید کابان بەرامبەر پارکی ئازادی ، دامەزراوەی ڤیژن،بینای ژمارە ٢٨، سلێمانی،عێراق

+964 772 330 0005 Info@vfssiq.org www.visionfoundationiq.org

**پێکنەهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم و هەڵنەبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و کاریگەرییان لەسەر لاوازکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان، ناونیشانی پۆلسی پەیپەرێکە دامەزراوەی لەندەن دیالۆگ بۆ تویژینەوەی و ستراتیجی ئاسایشی نێوەدەوڵەتی بڵاوی کردووەتەوە.**

**پۆلسی پەیپەرەکە لەلایەن بینەر فایەق، نوسەر و توێژەر لە دامەزراوەی لەندەن دیالۆگ نوسراوە، تیشک دەخاتە سەر کاریگەرییە نەرێنییەکانی پێکنەهێانی کابیەنی نوێی حکومەت،هاوکات باس لە گۆڕانکاری بالانسی هێزودروستبوونی هاوپەیمانی تازەی نێوان یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و جوڵانەوەی نوێ دەکات لەهەرێمی کوردستان.**

**پوختە**

نزیکەی دوو ساڵ دوای هەڵبژاردنی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٤ لە هەرێمی کوردستانی عێراق، هەرێمەکە هێشتا نەیتوانیوە حکومەتی نوێ پێکبهێنێت. پەرلەمان تەنیا یەکجار کۆبووەتەوە، دەستەی سەرۆکایەتییەکەی هەڵنەبژێردراوە، و کابینەی پێشووتر وەک حکومەتی کاربەڕێکەر لە ئەرکەکانی بەردەوامە.

ئەم چەقبەستوویە سیاسییە ڕەنگدانەوەی لێکدانەوە جیاوازەکانە بۆ شەرعییەتی هەڵبژاردن، پارتی دیموکراتی کوردستان داوای سەرۆکایەتی حکومەت دەکات وەک گەورەترین براوەی هەڵبژاردن. لە هەمان کاتدا، هاوپەیمانیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و جووڵانەوەی نەوەی نوێ پێیانوایە دەبێت سەرکردایەتیکردنی حکومەت لای پاکێجە پەرلەمانییە هاوبەشەکەی ئەوان بێت.

شەقامی سعید کابان بەرامبەر پارکی ئازادی ، دامەزراوەی ڤیژن،بینای ژمارە ٢٨، سلێمانی،عێراق
+964 772 330 0005 Info@vfssiq.org www.visionfoundationiq.org

ئەمە لاوازیی بونیادی لە سیستەمی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا دەردەخات، هەڵبژاردنەکان کورسییەکان دابەش دەکەن، بەڵام هیچ میکانیزمێکی پەسەندکراو نییە بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی ئایا گەورەترین حزب یان گەورەترین کوتلەی دوای هەڵبژاردن دەبێت حکومەت پێکبهێنێت. لە کاتێکدا ئەم داواکارییە دژ بەیەکانە لە دەرەوەی پەرلەمان گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت، دامەزراوەکان بە ناکارایی دەمێننەوە و بەمەش توانای هەرێمی کوردستان لاواز دەبێت.

هەرێمەکە لە ناو ناسەقامگیرییەکی سیاسی بەردەوامدایە کە کاریگەری لەسەر دۆخی ئاسایش دروست کردووە. ئەم بۆشاییە سیاسییە بووەتە بنەمای لێکدانەوە جیاوازەکان لە دوای هەڵبژاردن، هێمایەکە بۆ لاوازی سیاسیی بەشداریکردن لە نێوان سەرکردایەتی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا. هەروەها جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکاتەوە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی لێکترازانی سیاسی ناوخۆیی بووەتەوە، کە بنەماکانی سیستەمێکی حوکمڕانی دروست لەناو دەبات.

## داواکارییە دژ بەیەکەکان بۆ شەرعییەتی هەڵبژاردن

هەڵبژاردنی پەرلەمانی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٤ جیاوازی هەڵبژاردنەکانی نێوان دوو حزبە باڵادەستەکەی هەرێمی کوردستانی فراوانتر کرد. پارتی دیموکراتی کوردستان وەک گەورەترین حزب بە ٣٩ کورسی بەدەستهێنا، لە کاتێکدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ٢٣ کورسی بەدەستهێنا و ١٦ کورسی لە دواوە بوو.

ئەم ئەنجامە بنەمایەکی بەهێزتری هەڵبژاردنی بە پارتی دا بۆ بانگەشەکردنی مافی پێکهێنان و سەرکردایەتیکردنی حکومەتی

داهاتوو. یەکێتی لە سەرەتادا لە ڕێگەی سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستانەوە بۆ دابەشکردنی دەسەڵات لە ڕێگەی دانوستانەوە نزیکبووەوە لە پێکهێنانی حکومەت. ئەگەرچی هەرێمەکە لە ڕووی مێژووییەوە لە ڕێگەی ڕێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتییەوە بەڕێوەبراوە، بەڵام دابەزینی نوێنەرایەتی پەرلەمانی یەکێتی وایکردووە پێگەی ئەو حزبە لە ناو ئەو ڕێککەوتنەدا لاواز ببێت.

بۆ بەهێزکردنی پێگەی دانوستانکاری خۆی، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هاوپەیمانیی لەگەڵ جووڵانەوەی نەوەی نوێ پێکهێنا، کە یەکێکە لە حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی کوردستان. هەردوو حزبەکە "گەڕاندنەوەی هاوسەنگیی دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان"یان وەک یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانیان دەستنیشان کرد. شاسوار عەبدولواحید، سەرۆکی جووڵانەوەی نەوەی نوێ رایگەیاند هاوپەیمانییەکە ڕێککەوتووە لەسەر ئەوەی سەرۆک وەزیرانی داهاتوو دەبێت لە کوتلەکەیان بێت.

ئەم هاوپەیمانییە ڕێگەی بە یەکێتی دا کە داواکاریی گەڕانەوەی هاوسەنگیی و باڵانس بۆ پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانی لە هەرێم بکات. لە کاتێکدا پارتی دیموکراتی کوردستان پێیوایە ئەو حزبەی زۆرترین کورسیی پەرلەمانیی بەدەستهێناوە دەبێت سەرۆکایەتی حکومەت بکات، هاوپەیمانیی یەکێتی و نەوەی نوێ جەخت دەکەنەوە کە هاوپەیمانیتەتییەکەیان دەبێت ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان لە دیاریکردنی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیراندا هەبێت.

کەواتە چەقبەستویی ئێستا تەنها ڕێککەوتنێکی سادە نییە لەسەر پۆستە باڵاکان، بەڵکو ڕەنگدانەوەی بۆچوونە جیاوازەکانە بۆ

شەرعییەتی هەڵبژاردن و نەمانی میکانیزمێکی روون لەسەر بڕیاردان لەسەر ئەوەی ئایا گەورەترین حزب یان گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەمانیی دوای هەڵبژاردن دەبێت حکومەت پێکبهێنێت و سەرکردایەتی بکات.

**کاتێک ڕێککەوتنی حزبەکان باز بەسەر پەرلەماندا دەدات**

لە کاتێکدا، بەستەڵەکی بەردەوامی پێکهێنانی حکومەت ڕێگریی لە پەرلەمانی کوردستان کردووە لە دەستپێکردنەوەی ئەرکە ئاساییەکانی یاسادانان و چاودێری. پەرلەمان یەکەم دانیشتنی خولی شەشەمی خۆی لە (٢ی کانونی یەکەمی ٢٠٢٤) ئەنجامدا، کاتێک ئەندامە تازە هەڵبژێردراوەکان سوێندی یاساییان خوارد و بە فەرمی دەستبەکاربوون. دواتر دانیشتنێکی دیکە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکانی و بڕیاردەر ئەنجامدرا. بەڵام دانیشتنەکە هەڵگیرا دوای ئەوەی نەیتوانی ڕێژەی یاسایی (نیساب)ی پێویست بەدەستبهێنێت، و پۆستەکانی دەستەی سەرۆکایەتی بە پڕنەکراوەیی ماونەتەوە.

ئەمە تەنها دواکەوتنێکی ئاسایی نەبوو، پەرلەمان دوابەدوای ئەوە کاری ئاسایی خۆیی و پرۆسەی یاسادانانی دەستپێنەکردووە، بەپێی ڕاپۆرتەکانی دواتر، لە دوای هەڵبژاردنی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٤ـەوە تەنها یەک جار کۆبووەتەوە. نەتوانینی هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی ڕێگری لەم دامەزراوەیە کردووە، کارەکانی خۆی ئەنجامبدات، هاوکات نەیتوانیوە یەکێکی دیکە لەئەرکەکانی جێبەجێبکات،ئەویش ئەرکی چاودێریکردنی حکومەتە.

شەقامی سعید کابان بەرامبەر پارکی ئازادی ، دامەزراوەی ڤیژن،بینای ژمارە ٢٨، سلێمانی،عێراق
+964 772 330 0005 Info@vfssiq.org www.visionfoundationiq.org

ئەم ئیفلیجبوونە دەریدەخات کە کارکردنی پەرلەمان تا چ ئاستێک بە شێوەیەکی بەهێز پشتی بە ڕێککەوتنی سیاسیی پێشوەختەی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەستووە. ئەگەرچی دەنگدەران دەسەڵاتێکی یاسادانانی نوێیان هەڵبژارد، بەڵام حزبەکان لە دەرەوەی پەرلەمان بەردەوام بوون لە دانوستان لەسەر دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی. بێ ڕێککەوتنێکی بەرفراوان لە نێوانیاندا، دامەزراوەکە تەنانەت نەیتوانیوە پرۆسەی ڕێکخستنی سەرەتایی خۆشی تەواو بکات.کە بریتییە لە هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان.

ئەمە ناهاوسەنگییەکی بەرفراوانتر لە نێوان حزبە سیاسییەکان و دامەزراوەکانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستاندا دەردەخات. هەڵبژاردنەکان دیاری دەکەن کە هەر حزبێک چەند کورسی هەیە، بەڵام بە سەربەخۆیی دیاری ناکەن کە دەسەڵات چۆن دابەش دەکرێت. بەڵکو ئەم پرۆسانە بە وابەستەیی بە دانوستانەکانی نێوان دوو حزبە باڵادەستەکە دەمێننەوە. لە ئەنجامدا، پەرلەمان نەیتوانیوە ببێتە گۆڕەپانی سەرەکی کە تێیدا، ڕێککەوتنە سیاسییەکان گفتوگۆیان لەسەر بکرێت و چارەسەر بکرێن، چونکە کاراکردنەوەی پەرلەمان بەستراوەتەوە بە ڕێککەوتنێکەوە کە لە دەرەوەی خۆی ئەنجام دەدرێت.

بەردەوامیی دەسەڵاتی حکومەتی کاربەڕێکەر زیاتر دەرئەنجامەکانی ئەم وابەستەییە دەردەخات. نزیکەی دوو ساڵ دوای هەڵبژاردن، پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانی هەرێم پەکی کەوتووە. پەرلەمانی کارەکانی خۆی ئەنجام نادات و چالاکییەکانی راگیراون.

بۆیە، ڕەنگە سیستەمی دابەشکردنی دەسەڵات یارمەتیدەر بووبێت لە بەڕێوەبردنی کێبڕکێی نێوان پارتی و یەکێتی، بەڵام قەیرانی ئێستا لێکەوتە سیاسییەکان روون دەکاتەوە. کاتێک هەردوو حزبەکە ناتوانن ڕێکبکەون، ناکۆکییەکە لە دانوستانی هاوپەیمانی تێپەڕدەبێت و کارەکانی دامەزراوە هەڵبژێردراوەکان پەکدەخات.

## ناکۆکی سیاسی پێگەی هەرێمی کودستان لاواز دەکات

ناکۆکییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە مێژە کاریگەرییان لەسەر نوێنەرایەتیی هەرێمی کوردستان لە بەغدا هەبووە. بەڵام پێکنەهێنانی حکومەتی نوێی هەرێم ئەم لێکترازانەی درێژە پێداوە و ڕێگری لە دەرکەوتنی چوارچێوەیەکی سیاسیی هاوبەش کردووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییە فیدراڵی و هەرێمییەکان.

ململانێی پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق ئەم دابەشبوونە سەرەکییە ڕوون دەکاتەوە. لە سێ پرۆسەی دوایین هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماردا، لە ساڵانی ٢٠١٨، ٢٠٢٢ و ٢٠٢٦، پارتی و یەکێتی نەیانتوانی لەسەر یەک کاندیدی کورد ڕێکبکەون و لە بڕی ئەوە پشتیوانییان لە کاندیدی ڕکابەر کرد. ئەم دابەشبوونە لەکاتێکدایە لەرابردوودا جۆرێک لە ڕێککەوتن لەسەرپێدانی سەرۆک کۆماری عێراق بۆ حزبێکی سەرەکی هەرێم تاڕادەیەک یەکلایی کرابووەوە، بەڵام لەم دواییانەدا گرفت بۆ ئەو ڕێککەوتنە دروستبوو.

گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم دۆخەی ئێستای هەرێم، ئەم قەیرانەی دروست نەکردووە. یەکدەنگنەبوونی هێزە سەرەکەییەکانی هەرێم لەسەر یەک کاندیدی هاوبەش بۆ سەرۆک کۆمار لەماوەی

رابردوو، دابەشبوونی سیاسی کورد لەبەغدا هۆکارێکی دیکەی ئەم گرفتە سیاسیانە بوون.

بەڵام نەتوانینی هاوزەمانی حزبەکان لە ڕێککەوتن لەسەر کابینەی هەرێم یان کاندیدێکی هاوبەش بۆ سەرۆک کۆمار، نەبوونی ئالیەتێکی کاریگەر بۆ هەماهەنگیکردنی هەڵوێستەکانی کورد دەسەلمێنێت. بەم پێیە، کارەکتەرە سیاسییە فیدراڵییەکان لە بری هەڵوێستێکی هەرێمیی یەکگرتوو، ڕووبەڕووی کاندیدی ڕکابەر و داواکاری حزبیی جیاواز ببوونەوە.

ئەو بۆشاییە یاسایی و سیاسییە هەرێمی کوردستانی ڕووبەڕووی هەڕەشەو و مەترسییە ئەمنییە بەردەوامەکان کردووەتەوە. لەسەرو بەندی جەنگی ئێران و ئەمریکاو لە ٢٨ی شوباتی ٢٠٢٦ەوە، تا ئێستا زیاتر لە ٨٠٠ هێرشی درۆن و مووشەکی بوونەتە هۆی کوژرانی ٢٠ کەس و برینداربوونی ١٢٣ کەس و زیانگەیاندن بە ژێرخانی مەدەنی هەرێم، بەپێی ئامارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. دابەشبوونی سیاسیی بەردەوام وایکردووە هەرێمی کوردستان نەتوانیت هەڵوێستێکی یەکگرتووی لەو بارەیەوە هەبێت.

وڵاتە زلهێزەکان لە کۆبوونەوەیان لەگەڵ سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان، چەندین جار پرسی پێکهێنانی حکومەتیان وروژاندووە. ئەمە ئەوە ناسەلمێنێت هەرێمەکە پشتگیری نێودەوڵەتی لەدەستداوە، بەڵکو نیگەرانی ئەو وڵاتە پیشاندەدات لەبەرامبەر پەرتەوازەیی ناوماڵی کورد. هاوکات مانەوەی کێشەبەردەوامەکانی نێوان هەرێم و ناوەند لەلایەکی دیکەوە ئەو وڵاتانەی نیگەران کردووە. بەڵکو ئاماژەیە بۆ نیگەرانی لەوەی ئیفلیجبوونی درێژخایەن ڕەنگە سەقامگیری و

متمانەپێکراوی وەک هاوبەشێکی سیاسی لاواز بکات. بۆیە بەستەڵەکەکە کاری زیاتری لە دواخستنی پێکهێنانی حکومەت کردووە؛ لێکترازانی سیاسیی قووڵتر کردووەتەوە، پێگەی هەرێمی کوردستانی لە بەغدا لاواز کردووە و وەڵامدانەوەی هەماهەنگکراوی بۆ فشارە هەرێمی و ئەمنییەکان دژوارتر کردووە.

شەقامی سعید کابان بەرامبەر پارکی ئازادی ، دامەزراوەی ڤیژن،بینای ژمارە ٢٨، سلێمانی،عێراق
+964 772 330 0005 Info@vfssiq.org www.visionfoundationiq.org

## دەرئەنجام

قەیرانەکە لاوازییەکی قووڵتری لە سیستەمی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا دەرخستووە: هەڵبژاردنەکان نوێنەرایەتیی پەرلەمانی دیاری دەکەن، بەڵام ڕێککەوتنەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڕیار دەدەن ئایا دامەزراوەکان دەتوانن کار بکەن یان نا.

ڕێککەوتنێکی نوێی دابەشکردنی دەسەڵات ڕەنگە کۆتایی بە بەستەڵەکی سیاسی ئێستا بهێنێت، بەڵام ئەم کێشە بنەڕەتییە چارەسەر ناکات. مەگەر ئەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لە ڕێگەی پرۆسەیەکی ڕوون و متمانەپێکراوترەوە وەربگێڕدرێن بۆ کاری دامەزراوەیی، ئەگەرنا ڕێککەوتنەکانی داهاتووی نێوان دوو حزبە باڵادەستەکە، ئەگەری زۆرە هەمان قەیران بەرهەم بهێننەوە.

بۆیە ئاڵنگارییەکە تەنها پێکهێنانی حکومەت نییە، بەڵکو ڕێگرییە لەوەی ململانێ حزبییەکان جارێکی تر پەرلەمان پەکبخەنەوە، هەرێمی کوردستان لە داهاتوودا توانای بڕیاردانی لەسەر پرسە چارەنوسسازەکان لاواز بێت.